وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا
نوسینگەی وتەبێژ

١٣ی ئەیلولی ٢٠١٦ — بۆ بڵاوکردنەوەی دەست بەجێ

جێگری وەزیری دەرەوە, ئەنتۆنی بلینکن, سەردانی عێراق دەکات لە ١٤-١٥ ئەیلول

ئەمڕۆ جێگری وەزیری دەرەوە, ئەنتۆنی بلینکن, گەیشتە عێراق بۆ باسکردنی چەند بابەتێکی سەرەکی سیاسی و ئابوری و مرۆیی و ئاسایش لەگەڵ بەرپرسە حکومییەکان, ولە نێویاندا هاوبەشیی درێژخایەنمان لەگەڵ عێراق لە سایەی رێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیجی. هەریەکە لە برێت مەکگۆرک, نێردەی تایبەتی سەرۆک بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش, و جۆزێف پێنیگتۆن, جێگری یاریدەدەری وەزیر بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک, هاوەڵانی جێگری وەزیری دەرەوەن لە گەشتەکەیدا.

لە بەغداد, جێگری وەزیری دەرەوە, بلینکن, چاوی دەکەوێت بە سەرۆک وەزیران عەبادی و بەرپرسانی نیشتیمانی و پارێزگاکان بۆ باسکردنی ژمارەیەک بابەت لەنێوانیاندا هەوڵەکانمان بەیەکەوە بۆ بەزاندنی داعش و پلاندانان بۆ هێرشی موسڵ. هەروەها بلینکن چاوی دەکەوێت بە بەرپرسە باڵاکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ باسکردنی هەوڵەکانی هاوپەیمانان و پشتیوانی بەردەواممان بۆ هەموو پێکهاتەکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان.

جێگری وەزیری دەرەوە, بلینکن, پاشان سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات لە ١٥ی ئەیلول و لەوێ چاوی دەکەوێت بە , بارزانی, سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق, و بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەردەوامی دان بە گفتوگۆکردن لەبارەی هەوڵەکانمان بۆ تێکشکاندن و بەزاندنی داعش و پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و وەڵامدانەوەمان بۆ پێداویستییە مرۆییە هەنوکەییەکان و قەیرانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە عێراق.

سەیری توێتەر و ئینستیگرامی جێگری وەزیری دەرەوە (@ABlinken) و Flickr ی وەزارەتی دەرەوە بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری بەردەوام تازەکراوە بەدرێژایی گەشتەکەی.

###